کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:50 19-12-2007

## مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی هێرشەکانی تورکیا بەتوندی مەحکوم دەکات و ئەمریکاش بە بەرپرسی یەکەم دەزانێت لەو دەستدرێژیانەدا

سایتی باسك/ لە بەیاننامەیەکدا مەکتەبی سیاسیی باسك دەستدرێژیی و بوردومانکردنی خاکی هەرێم لەلایەن سوپای تورکیاوە بەتوندی ئیدانە دەکات.. ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە: لە دوو ڕۆژی 17-18-12-2007 زایینی لەشکرکێشی سوپای عەلمانی تورکیا بۆناو هەرێمی کوردستان و بۆمبارانکردنی گوندەکانی سنووری پارێزگاکانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی بەهێزی ئاسمانیی و زەمینی، کە بووە هۆی کوژران و برینداركردنی خەڵکێکی سڤیل و بێ تاوانی کوردستان بەتایبەت لەم ڕۆژانەی عەرەفەو جەژنی قوربانی پیرۆز.. نارەزایی خۆمان رادەگەیەنین و ئیدانەی ئەو لەشکرکێشییانەی جەنەراڵە قینلەدڵەکانی سوپای تورکیا دەکەین، وە لەم کاتانەدا ئەمریکا بەرپرسی پاراستنی سنوورەکانی سەرجەم پارێزگاکانی عێراقە.. کەواتە بەرپرسی یەکەمە لە هەموو ڕوویەکەوە لەو ڕووداوانەدا، بۆیە ئێمە وەك بزووتنەوەی ئیسلامیی دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئەو خەڵکە بێ دیفاعەو داوامان وایە بەزووترین کات ئەو دەستدرێژییانە رابگیردرێن، داواکارین لە خوای باڵادەست نزاو پاڕانەوەی هاوڵاتیانی بێ تاوان قبوڵ بفەرموێت و، شکست بەو لەشکرکێشییەو بڕیاردەرانی و هاوکارانییان بهێنێت.

مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی
8زیلحەججەی 1428 کۆچیی
18 - 12 - 2007زایینیی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.